# ئاسۆ جەبار:

## چەند دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە حیزبی سەرکوتکارو جەلادی ستەمکار هەیە، هاوکات ئازادیش پێویستی بە جەنگاوەری مەعریفیو فەرهەنگیی ئیرادەگەر هەیە.



بەشی دووەم و کۆتایی

**دیمانە: محەمەد گەلاڵەیی**

ئاسۆ جەبار رۆشنبیرو نووسەری کورد، لەم بەشەدا بۆ گۆڤاری "کوێستان" تیشك دەخاتە سەر سەربەخۆیی تاکی کوردو باسکردن لە میدیاو ڕاگەیاندنی ئازاد، کە فەراهەمنەکراوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی، هەروەها باسی ئەوەدەکات کە پێویستە دامودەزگاکانی حزبی لە ناوشاری سۆران بڕۆنە دەرەوەو دەڵێت:" پێویستە بارەگا حیزبییەکان بچنە دەرەوەی شارەکەوە بۆئەوەی شارەکە جوانبێت، ئەوەی شار ناشرین دەکات بارەگا حیزبییەکانو مەڵبەندو لقە بەناو خوێندکاریو رۆشنبیرییە حیزبیەکانە، ئەوەی شار جوان دەکات سەربەخۆیی دەزگاو ناوەندە فەرهەنگیو ژیارییەکانە" لەگەڵ ئەوەی دێتە سەر کۆچکردنی گەنجان بۆ وولاّتانی ئەوروپا، هەروەها بە دەسەلاّتدارانی کورد دەڵێت:" عەقڵیان چۆتە گیرفانەکانیانەوەو ماوەی(١٦) ساڵە ئەو ئەقڵە داماوە لەو گیرفانە سیخناخ بەپارەیەدا گیری خواردووەو نایەتە دەرەوەو تۆزێك هەوای عەدالەت هەڵمژێ." لەگەڵ چەندین پرسی گرنگ لەم چاوپێکەوتنە دەخوێنیتەوە.

**تا ئێستا تاکی کوردی سەربەخۆ پەیدا نەبووە لە ناو زانکۆکانی کوردستاندا، بەڕای تۆ پەیوەست نییە بەو ئازادبوونەی کۆمەڵگاو دروستبوونی کۆمەڵگایەکی ئازاد، ئەوکاتی تاکی ئازاد پەیدا بێت؟**

**ئاسۆ جەبار:** بەڵێ کۆمەڵگەی ئازاد بەرهەمهێنەری زانکۆو دەزگای رۆشنبیریو فەرهەنگیو ئابوریو سیاسی ئازادە، بەهەمانشێوە کۆمەڵگەیەکیشە بۆ بەرهەمهێنەری تاکەکەسی ئازادو فێرخوازی بە ئیرادەو خاوەن خەونی گۆڕانە، بەلاّم تێگەیشتن لەچەمکی ئازادیو تێگەیشتن لەمانا کردارییەکانی ئازادی خاوەنی هێزێکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنو ئازاد، چەند دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە حیزبی سەرکوتکارو و جەلادی ستەمکار هەیە، هاوکات ئازادیش پێویستی بە جەنگاوەری مەعریفیو فەرهەنگیی ئیرادەگەر هەیە.

هەڵبەت هۆکارەکانی پشت شێواندنو لەکارخستنی ئازادی بیروڕا هێندە بەرفراوانو کاریگەرە، کە پێویستە جارێکی دیکە بیخەینەوە بەرباسو راڤەکاری. لەبەرئەوەی لەپشت ئازادی بیروڕاوە دەیانو سەدان ناوەندو دەزگاو جەنگاوەری جەهل کاردەکەن بۆ وێرانکدنی ئەو مەودا شارستانییەی کە مرۆڤایەتی پیادا تێدەپڕێت، قسەیەکی

ئاتين دۆلابۆتى دەهێنمەوە كە دەڵێت: "زۆرداران سێ جۆرن: هەندێكيان لەلايەن خەڵكەوە هەڵدەبژێرێن، هەندێكى ديكەيان بەزۆرى تفەنگو قشوونى عەسكەران لەسەر كورسى دادەنيشن، گروپێكى تريشيان ستەمكاريان بە ميرات بۆ دەمێنێتەوە." ئەم وتەيە چەند پەيوەندى بە دەسەڵاتەوە هەيە، دە ئەوەندەش پەيوەندى بە كۆمەڵگەو ئەو ئاستە ژيارييەوە هەيە كە مرۆڤەكان دەبەستێتەوە بە رێكخەرێكى شارستانىو فەرهەنگىو حوكمكردنەوە.

جياوازييەكى گەورە هەيە لەنێوان دەسەڵاتى زۆرداران و دەسەڵاتە ديموكراسييەكاندا، جياوازييەكى گەورەش هەيە لەنێوان دەسەڵاتگەلە ديكتاتۆرو تۆتاليتارەكانو ئەو دەسەڵاتانەى كە گەورەشە بۆ كۆنترۆڵكردنو داگيركردنى كۆمەڵگەو سەرلەبەرى كايەو پێكهاتەو دەزگاكان، هاوكات هێزگەلێكى وێرانكارە بۆ داگيركردنى سەرلەبەرى نوسينو رەخنەگرتنو رۆژنامەو سەرلەبەرى ميدياكان، ئەم هێزانە سەرلەبەرى هەوڵە دەرەبەگىو فيوداڵييەكانى خۆيان دەخەنەگەڕ بۆ كرينەوەى ژيان لەخەڵكو كرينەوەى سەرلەبەرى ميدياكان لەرۆژنامەنوسانو چەپاندنو دەستەمۆكردنى ئازادى بيروڕاو رايگشتىو دانانى بازنەيەكى سورى داخراو بەسەر رێپێدراو و رێپێنەدراوەكانداو جياكردنەوەى ئەو نوسينو رەخنەو بۆچونانەى كە حەرامو قەدەغەنو ئەو بيروڕا نەريتيانەشى كە حەرام نينو رێپێدراون.

> **"رەخنەگرانو رۆژنامەنوسان بەدرێژايى مێژوو بوونەتە دونيابينييەك لەدەرەوەى ئەو دونيابينييە كوشندەيەى كە تەنها كارى كوشتنى ئازادى بيروڕا بووە"**

هەرچەند چەمكى ئازادى بيروڕا هەڵقولاوى ئەو ستاندارده نێو دەوڵەتيانەن كە بەرهەمى ديموكراسيەتو ليبراليەتو كۆمەڵگەى مەدەنىو بەرهەمى ئەو شەڕە مەعريفييە گەورانەيە كە دژى ديكتاتۆريەتو تۆتاليتاريەتو فاشيەتو دەسەڵاتە كوشندەكان بەرپاكراوە كە رەخنەگرانو رۆژنامەنوسان بەدرێژايى مێژوو ئەنجاميانداوەو بوونەتە دنيابينييەك لەدەرەوەى ئەو دنيابينييە كوشندەيەى كە تەنها كارى كوشتنى ئازادى بيروڕا بووە.

بەڵام هەمومان، واتە هەموو ئەو رەخنەگرو نوسەرە جيديانەى كە بەشێوازێكى ئەكاديمىو مەعريفى رەخنە دەگرن، هەتا ئەوانەشى كە رەخنەى زۆر توند دەگرنو زمانێكى زبريان هەيە، كۆكين لەسەرئەوەى كە هەڵمەتێكى گەورە لەئارادايە بۆ شێواندنى ئازادى حساب بۆ ئازادى بيروڕاو رايگشتىو مافى مرۆڤو ئينسانەكان دەكەن بەگشتى، هەرچەند جيمس ميل دەڵێت: ""تەواوى مرۆڤايەتى مافى ئەوەى نييە، دەنگى ناڕەزايى تاكەكەسێك سەركوت بكات." هەرچەند ئەم تێڕوانينە لەژێر سايەى دەسەڵاتە كوشندەو ديكتاتۆرەكاندا دەبێت بە فەنتازياو يۆتۆبيا، بەڵام هەڵكەوتەيەكى ژيارييە لەدەرەوەى ئەو سەرزەمينە داخراو و سانسۆركراوو حەرامكراوەى كە دەسەڵاتە زۆردارەكان سازيدەكەنو كلێشەسازييەكى ستەمكارانەو جاهيلانەى تيادا بەرپادەكەن.

دەسەڵات لەمجۆرە كۆمەڵگانەدا سەربارى ئەوەى دەسەڵاتێكى بێئاگاو نائەكاديمىو نابەرپرسيارو جاهيلو ناشەفافە، ماشێنێكى سەرچاوە ئابورىو سياسىو ميدياييو رۆشنبيرىو فەرهەنگىو كۆمەڵگاييو ئاينييەكان، ماشێنێكە نەك تەنها بۆ شێواندنى ئازادى بيروڕا، بەڵكە هێزێكى كاولكارە بۆ خەساندنى بيروڕاو رەخنەو نوسينو بێبايەخكردنى هەر هەڵمەتێكى مەعريفى بۆ گەڕانەوەى رێز بۆ نوسينو قسەكردن. ئەو دەسەڵاتانەى كە ماشێنە ستەمكارو سەركوتگەرەكانيان دەخەنەگەڕ بۆ دەستەمۆكردنو رامكردنى سەرلەبەرى دەزگاو ناوەندو كايەو پێكهاتە فەرهەنگىو رۆشنبيرييەكان، دەسەڵاتگەلێكى ديكتاتۆرو كۆنزێڤاتيڤو وێرانكارن.

**رێكخراوەكانى خوێندكاران ئەوەندەى كار لەسەر بە حزبى بوون ئينسانى كورد دەكات، ئەوەندە كار لەسەر بەرەو پێشچوونو بيركردنەوەى ئازادى تاكى خوێندكار ناكات، بەڕاى تۆ بوونى ئەمانە پێويستە يان نە؟**

**ئاسۆ جەبار:** بوونى ئەم رێكخراوانە زەرەرێكى زۆر گەورە دەگەيەنن بە ئازادىو قسەكردنو روانينى مۆدێرن، هاوكات ئەم رێكخراو و لقو ناوچەو مەڵبەندو بنكە كۆمەڵايەتىو رۆشنبيرىو حيزبيانە سەرجەم دەزگاگەلێكن بۆ بێدەنگكردنى هاوڵاتيان بەگشتىو گەنج بەتايبەتى، هاكات بريتين لەكۆمەڵێك جەنگاوەرى بێهودە بۆ پارێزگاريكردن لەجەهلو ناعەدالەتىو گەندەڵىو سەركردە جوێنفرۆشو عەنتەرەكانيان.

**زياتر بوونى سەنتەرى رۆشنبيرىو روناكبيريەكان لە گشت شاروشارۆچكەكانى كوردستان، كەچى تا ئێستا هەڵويستى**

**یەکگرتوویان نەبووە لەبەرامبەر ئەو ناعەدالەتیەی هەیە، ئایا بەڕای تۆ بوونی ئەمانەش پێویستە یان نە؟**

**ئاسۆ جەبار:** ئازیزم ئەو سەنتەرانە بەشێکی جیانەکراوەن لە ناعەدالەتی‌و کوڕی ئەو گەندەڵییە گەورەیەن کە حیزبو بەرپرسە مشەخۆرو گەندەڵو جاهیلەکانیان خولقاندویانە، لەبەرئەوە ناتوانن‌و ناوێرن قسەیەکی جیاواز بکەن‌و هەڵوێستەیەکی دیکەیان هەبێت بێجگە لە درێژەدان بە ناعەدالەتی‌و چەپڵەلێدان بۆ گەندەڵی‌و هەڵپەرکێ بۆ ناحەقی، لەکۆتایدا من پێیچمواپە ئەم دەزگایانە کوافێریکن بۆ رازاندنەوەو ماکیاژکردنی ناعەدالەتی‌و گەندەڵی‌و ستەمکاری.

**ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەتەواوی و گشت خوێندکارانی کوردستان خۆپیشاندان‌و مانگرتن دەست پێ بکەن، بۆ ئەوەی دەستەڵاتی حزب لەناو دامودەزگاکانی زانکۆ بێتەدەرەوە، زانکۆ بێتە دامەزراوەیەکی سەربەخۆی زانستی‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌و..هتد؟**

**ئاسۆ جەبار:** بەڵێ پێویستە حیزبو مزگەوتە توندڕەوەکان‌و رێکخراوە درۆزنەکانی خوێندکاران دوربخرێنەوە لە ناوەندەکانی خوێندن‌و کایەی رۆشنبیری‌و فەرهەنگی. بەڵام ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ئیرادەیەکی سەربەخۆو مەعریفی هەیە، ئایا فێرخوازان ئامادەن برژێنە سەرشەقامەکان بۆ گۆڕینی مەنهەجی خوێندن‌و باشترکردنی ژیان‌و گوزەرانیان، ئەگەر ئامادە بن بۆ داکۆکیکردن لەمافە رەواکانی خۆیان، ئەوا دەشتوانن داواکاری گەورەشیان هەبێت‌و کاری جیدی بۆ بکەن.

**زۆر جار رۆیشتنی گەنجانی کورد بۆ دەرەوەی وولات، دەستەڵاتی کوردی بەوە خەڵك چەواشە دەکات کە ئەمانە ئینتیمایان بە نەتەوەو نیشتیمان نەماوە، کەچی ئەو گەنجەی دەگاتە ئەوروپا بالآنسی هەستی نەتەوەیی لەهەموو مەسئولەکانی کوردستان زیاترە، بەڕای تۆ گۆڕانی ئەو بیرە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ کە هەندێ گەنج دەڕوات دەڵێت:" پێم خۆش نییە بۆ دەقیقەیەك لە کوردستان بمێنمەوە!".**

**ئاسۆ جەبار:** من لەچەندین نوسین‌و گفتوگۆدا باسم لەوە کردووە کە کۆمەڵگای عیراقی بەگشتی‌و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی دوو

> **" پێشنیاز دەکەم بۆ جوانترکردنی سۆران کە پێویستە دەیان کافتریا، گەلەری، کتێبخانەو کتێبفرۆشی سەربەخۆی تیادا بکرێتەوە."**

کۆمەڵگای داخراون‌و سەرلەبەری ئەو دەسەڵاتە فەرمانڕەوانەش کە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەیان لەئەستۆدا بووە بەرەو داخرانی زیاترو پەراوێزبوونی زیاتریان بردووە، هەڵبەت پەشیمانیش نیم لەو بۆچوونە، من بەبەڵگەوە لەکتێبی (کۆچ و سەفەر)و گفتوگۆکانمدا سەلماندوومە، بەڵام ئەو بۆچوونەی من تاچەند هەندێك لەلایەن‌و ناوەندی سیاسی‌و حزبی‌و حکومی بێتاقەت دەکات، ئەوە کەیفی خۆیانە، ئەوان ئازادن لەوەی کە بڵێن دنیا زۆر خۆشە (کەواش نییە). لەبەرئەوە بەرپرسیارێتی لەم کۆمەڵگایەدا یەکەمین جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگا داخراوەی کە بەرپرسیار لەبوونی خۆی وەك کارەکتەرێکی کاریگەرو ئەکتیڤو ئەو کەلتورە داخراوەی لەدەرەوەی ئەو ترادسیۆنە کۆنە هیچی دیاریکراوی نییە بیڵێت‌و پێشکەشی بکات، هاوکات کارئەکتەری خەساندن‌و چەپاندن‌و فەرامۆشکردن‌و بێبایەخکردن لەم کۆمەڵگایەدا نەریتێکی باوی رۆژانەیەو بەردەوامە کە تەواو کاریکردۆتە سەر تاکە کەس‌و ناوەندو پانتاییە کۆمەڵایەتیەکە، هەڵبەتە سەرباری ئەمانە تۆ کۆمەڵگایەکت هەیە" کۆمەڵگای بایەعی‌و بەکاربردنی خواردن‌و کاڵاکان‌و هیچی دیکە، ئیتر ئێمە داوای چ بەرپرسیارەتیەك لەهاوڵاتیان بەگشتی‌و گەنجان بەتایبەتی بکەین. گەنجانی ئەم وڵاتە هەمیشە لەپەراوێزدابوون‌و پرۆسەی فەرامۆشکردنیان بەسەردا سەپێنراوە، هاوکات ناڕەزاش نین، پرسیاریشی نییە، قسەش ناکات، ئەمە بۆخۆی لەهەردوولاوە پرۆسەی پچووککردنەوەی توێژێك بەکاربراوە کە توێژی گەنجان‌و نەوە نوێکانە. هاوکات حکومەت‌و ناوەندە بەرپرسەکان لەبەر گومرك‌و موچەی وەزیرو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان‌و مەسئولە حزبیەکان‌و کادرە حزبیەکان‌و نەسریەی حزبەکان و نەسریەی سیحری مەسئولەکان ئاگایان لەهیچ شتێك نەماوەو هاوکات ئەو بەرپرسیارێتیەش ناگرنە ئەستۆی خۆیان، ئەم رەخنانەی من ئەوە ناگەیەنن من رقم لەحکومەت و زەڕیم بەسەر حزبو مەسئولەکاندا هێناوە، بەڵکە مەبەستی من ناچارکردنی ئەو ناوەندانەیە کەدەبێت بەسەر خۆیاندا بچنەوە، زۆرنا کەمێك عادیل بن‌و بەعەدالەت بیربکەنەوە ، نەك وەك ئێستا عەقڵیان چۆتە گیرفانەکانیانەوە و ماوەی(١٦) ساڵە ئەو ئەقڵە داماوە لەو گیرفانە سیخناخ بەپارەیەدا گیری خواردووەو نایەتە دەرەوە تۆزێك هەوای عەدالەت هەڵمژێ. من پێمواپە دوای

هەڵمژینی ئەو هەوای عەدالەتە دەمرن و فەرامۆش دەبن.

**لەکوردستاندا ئەوەندەی دەستەڵاتی کوردی کار لەسەر بەجەهلبوونی تاکی کورد دەکات، هەم وەکو حکومەت و حزبەکان، ئەوەندە کار لەسەر بەپێشکەوتنی تاکورد ناکات بەتایبەتی ئەو پاوانی دەستەڵاتەی کە بۆتە هەیمەنەیەک بەسەر زانکۆشەوە؟**

**ئاسۆ جەبار:** دەرئەنجام ئەگەر راپرسییەک ئەنجامبدرێت لەناو هاوڵاتیاندا سەبارەت بەوەی کە ئایا مافە شارستانی و فەرهەنگی و تاکەسییەکانیان وەک مافی خۆشگوزەرانی و سەفەرو دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابینکراوە؟ ئەوا لەئاکامدا دەرئەنجامێکی زۆر ترسناک و مەترسیدارمان دەستدەکەوێت، کە لەڕاستیدا چاوەڕوانکراوە، بەڵام ئەم ئەنجامانە بۆخۆی پڕن لەمەترسی و پڕن لەهەڵسەنگاندنی حکومەتێک کە بەهیچ شێوەیەک گرنگی نادات بە رایگشتی هاوڵاتیان و مافە هەرە سەرەتاییەکانیان.

رەنگە بەکارهێنانی چەمکێکی لەم جۆرە هێندەی دۆزینەوەی رەهەندەگەلێکی فەنتازی بێت هێندە راڤەکردنی زاراوەیەک نەبێت و ناساندنی چەمکێک نەبێت، بەڵکە دۆزینەوەی ئەو رەهەندە فەنتازی و خەیاڵپێنەکراوانەیە کە دەبنە هێزگەلێکی لەرادەبەدەری دیارینەکراو بۆ کونترۆڵکردن و خەساندنی کۆمەڵگە لەرێی کۆنترۆڵکردنی ژیان و خەیاڵ و خولیاکانی تاکەکەس و چاودێرکردنی بیرکردنەوەو هزرو هەر جیاوازییەک کە ناکەوێتە سەرزەمینە وەهمی و مۆنۆپۆلکراوەکەی ئەو سیستمەوە کە جیاوازی بەهەموو تەرزەکانییەوە بچوکدەبێتەوە بۆ نزمترین ئاستی بینین و فەنابوون، وێرانکردنی کۆمەڵگەیەک بەگشتی لەرێی تۆخکردنەوەو رەشکردنەوەی ناعەدالەتی و کاڵکردنەوەی مرۆڤو مافە مەدەنی و سیاسی و کولتورییەکانی ئینسانگەلێک کە دەکەونە پانتاییە دیسپلینکراوەکەی ئەو سیستمەوە، کە دنیاکە بۆ بەرپاکردنی زەبروزەنگو مەرگو وێرانکردنی ژیان زۆر بە سادەیی و وێرانکردنی سایکۆلۆژیای تاکەکەس و نائومێدکردنی سەرتاپای کۆمەڵگە لەرێی ئەو ماشێنە ئاڵۆزەوە کە کاری بچوکردنەوەی پرۆژەو خەون و ئارەزووەکانی مرۆڤەو کاری سڕینەوەی حەقیقەت و نەفی کردنی ئەوی دییە.

لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی رەهای دیکتاتۆریدا تۆ بەئاسانی ناتوانیت سەربازگەیەک لە مزگەوتێک جیابکەیتەوە، ناتوانیت قوتابخانەیەک لە رێکخراوێکی حیزبی یان دەزگاکانی دەسەلات جیابکەیتەوە، یان زانکۆ لەبەندیخانە جیابکەیتەوە، کاتێک سەرجەم ناوەندەکان دەبنە موڵکی دەسەڵات و حیزب" ئەوکاتە سیستمێکی ئاسۆیی کۆنترۆڵ و مۆنۆپۆلیزەکردن بەرپادەبێت، ئەوکاتە دیکتاتۆرو کاریزماکانی بەسەر تەواوی نێوەندەکاندا دابەشدەبن، دەرئەنجام مامۆستایەک یان مەلایەک دەتوانێت هەمان رۆڵ و کاریگەریی دیکتاتۆر ببینێت، ئەوکاتە مزگەوتێک و خوێندنگەیەک و زانکۆیەک دەتوانن هەمان رۆڵی حیزب و دیکتاتۆر ببینن، کاتێک دیکتاتۆر بەسەر تەواوی ناوەندو موئۆسەساتدا دابەشدەبێت، گرنگ نییە دیکتاتۆر ماوە یان نەماوە، راڤەکردنی ئەم بۆچوونە زۆر بە سادەیی پەیوەستە بەڕوانین و دنیابینیە هاوشێوەکانەوە، واتە کاتێک دەسەلاتە دیکتاتۆرییەکان دێن و جیاوازییەکان دەکوژن و ئیرادە جیاوازەکانی تاکەکەس لە ئیرادەی گشتیی کاریزمیدا دەتوێتەوە" ئەوکاتە تەواوی پانتاییە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئابوری و سیاسی و دامودەزگایەکان لەسەر ئاستێکی رێژەیی دەبنە مۆنۆپۆلیزەکەری سەرچاوەکان و بەستنەوەی مرۆڤەکان بەموڕاڵێکی مێگەلی رەشەبیرکردنەوەی بێ جیاوازی، کاتێک دیکتاتۆر حساب بۆ رایگشتی ناکات، تەنها دیکتاتۆر بەشدار نییە لەو تاوانەدا، نەخێر تەواوی کۆمەڵگا بەشدارە لە پراکتیزەکردنی نەبونی جیاوازی و بەرپاکردنی بێدەنگی. ئەوەمان لەبیرنەچێت دەرئەنجامی هەموو بێدەنگیەک بەرامبەر ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری دنیایەک دیکتاتۆر دروستدەکات و دنیایەک ستەمکاری بەرهەمدەهێنێت.

**لە کۆتاییدا من قسەیەکم نەماوە، ئەگەر تۆ پێشنیارت هەبێ بۆ رۆشنبیران و نووسەران و خوێندکارانی سۆران، بۆ زیاتر بە شارستانیەتکردنی شارۆچکەکە لە هەموو رووێکەوە بە تایبەتی لە بەرۆشنبیرکردنی تاکەکانی ئەو شارە کە تازە فراژووبووە؟**

**ئاسۆ جەبار:** سلاو و رێزم هەیە بۆ یەکبەیەکی هاولاتیانی قەزای سۆران، رێزم هەیە بۆ خوێنەران و هونەرمەندان و رۆشنبیرانی ئەو دەڤەرە جوانەی ژیان، هاوکات کۆمەلێک پێشنیارم هەیە بۆ جوانترکردنی قەزای سۆران: پێویستە دەیان کافتریاو گەلەری و کتێبخانەو کتێبفرۆشی سەربەخۆی تیادا بکرێتەوە، هاوکات پێویستە بارەگا حیزبییەکان بچنە دەرەوەی شارەکەوە بۆئەوەی شارەکە جوانبێت، ئەوەی شار ناشرین دەکات بارەگا حیزبییەکان و مەلبەندو لقە بەناو خوێندکاری و رۆشنبیرییە حیزبیەکانە، ئەوەی شار جوان دەکات سەربەخۆیی دەزگاو ناوەندە فەرهەنگی و ژیارییەکانە.

**خوێنەرانی بەرێزی کوێستان، ئێمە لەگەڵ زۆرێک لە بۆچونەکانی ئەم دیمانەیەدا نین، بەڵام وەک رێز گرتن لە ئازادی بیرورا، دیمانەکەمان وەک خۆی بلاوکردووە.**

**کوێستان**